www.kurdistannet.org 12-8-2003

RMK
ڕێکخراوی مرۆڤدۆستانی کوردستان
rmk2703@hotmail.com
rekxraw@yahoo.se
Sweden 2003

**تێبینی**: **لە هەر شوێنێک لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان دەتوانن پەیوەندیمان پێوە بکەن**



## ڕێکخراوی مرۆڤدۆستانی کوردستان " RMK / ڕمک " ساڵی 2003 لە شاری ئۆرێبرو دامەزرا
## بۆ مرۆڤدۆستایەتی لە کوردستان کار دەکات
## بە پێی بنچینەی پەیماننامەی UN

شەڕ و نائارامیی سیاسی، نەخوێندەواری و هەژاری خەڵکی کوردستانیان دووچاری سەرگەردانیی سەخت کردووە. بۆ نموونە: خەڵکانی پەککەوتە و زۆرەها منداڵی بێ دایک و باوک ناچاری کاری سەختن بۆ دابینکردنی ژیانی خۆیان و خێزانیان. کوردستان لە ئەنجامی چەندین ساڵ شەڕ و پێکدادان، چەندین ساڵیشی دەوێ بۆ بنیاتنانەوە. ڕمک ساڵی 2003 لە ئۆرێبرۆ دامەزرا بۆ ئەوەی پشتیوانی لەو مرۆڤانە بکات. کارەکان لە بەهاری 2003 وە لە پاش بڕیاردان لەسەر پێشنیارەکە، دەستیان بە جێبەجێکردن کرد.
جگە لەوانە، **ڕمک** بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە سویدییەکان هەڵدەستێ بە بنیاتنانی خوێندنگە لە دێهاتە ڕووخاوەکان و بنکەی حەسانەوە بۆ کەمئەندامان.
ئێمە هیواداریـن خەڵکانێکی زۆر چالاکانە و خۆویستانە لەگەڵمان بەشدار بن بۆ یارمەتیدانی ئەو مرۆڤانە.

### بواری کار

- یارمەتیدانی کەمئەندام، منداڵ، ژن و نەدارانی تر.
- کارکردن بۆ پەرەپێدانی دیمۆکراتی، مرۆڤدۆستایەتی و مافەکانی هاونیشتیمانییەتی.

### ڕمک

- چالاکی ئەنجام دەدات بۆ ئەوەی پشتیوانی لە کەمئەندام، منداڵ، ژن و نەدارانی تر بکات کە پێویستی یارمەتین.
- پرۆژەی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بکاتەوە.
- هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە دیمۆکراتەکانی تردا دەکات بۆ ئەوەی گەشە بە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بدات.
ئامانجی پرۆژەکە گەشەپێدانی لایەنی کۆمەڵگەی مەدەنییە لە کوردستان بە پەخشی زانیاری دەربارەی لایەنە بەهاکانی مرۆڤ، یەکسانی، مافی کەمئەندامان و ژنانی کوردستان.

### ڕمک کار دەکات بۆ:

- یارمەتیدانی کەمئەندامان و خەڵکانی تر کە پێویست بە یارمەتین.
- کەمکردنەوەی نەخوێندەواری.
- بەرزکردنەوەی ئاستی فێرکاری.
- پتەوکردنی هەوڵدان بۆ دیمۆکراتی و دادپەروەری.

rmk2703@hotmail.com
rekxraw@yahoo.se

www.kurdistannet.org 12-8-2003



# پەیڕەو و پڕۆگرامی ڕێکخراوی مرۆڤدۆستانی کوردستان "ڕمک"

پ1. ناوی ڕێکخراو

- ڕێکخراوی مرۆڤدۆستانی کوردستان (ڕمک).

پ2. تایبەتمەندیی ڕێکخراو

- ڕێکخراوێکی مرۆڤدۆستانەی دیمۆکرات و سەربەخۆیە. لە ڕووی سیاسی و دینییەوە بێلایەنە.

پ3. زەمینەی کار

- کاری مرۆڤدۆستانە لە کوردستان و جیهان لەسەر بنچینەی پەیماننامەی (FN).

پ4. بنکەی ڕێکخراو

- ئۆرێبرو – سوێد.

پ5. شێوازی کار

- ڕێکخستنی سیستەمێک بۆ یارمەتیی کەمئەندامانی هەژار، منداڵ، ژن و مرۆڤی تر لە کوردستان.

- بەڕێوەبردنی پرۆژەی تایبەت کە لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندا بێت.

پ.6. ئەرکی ڕێکخراو

- کارکردن بۆ ڕاگەیاندنی پەیامی ڕمک و داهێنانی لایەنی چاکە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستاندا.

پ.7. ئەندامێتی و نرخی ئەندامێتی/ساڵانە

- ئەندامێتی کراوەیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێ پشتیوانی ئامانجی ڕێکخراوەکە بکەن و لە ڕێگەی "ڕمک"ەوە یارمەتیی خەڵکی کوردستان بدەن.

- هەموو ئەندامێک بۆی هەیە لە کۆبوونەوەکاندا بەشدار بێت.

- نرخی ئەندامێتی/ساڵانە: گەورەساڵ: 150 کرۆنی سوێدییە، گەنج: 50.

RMK
ڕێکخراوی مرۆڤدۆستانی کوردستان
rmk2703@hotmail.com
rekxraw@yahoo.se
Sweden 2003



پ.8. پێکهاتی ڕمک

-دەستەی بەڕێوەبەر بەرپرسە بە پێی پەیڕەو و پرۆگرام کار بکات بۆ چەسپاندنی ئامانجی ڕمک.

پ.9. کۆبوونەوەی سالانە

-کۆبوونەوەی سالانە گەورەترین دەسەلاتی "ڕمک"ە. سالی جارێک دەبەسترێت و لە کاتی پێویستدا زیاتر.

-کۆبوونەوەی سالانە لە ئەندامان و دەستەی بەڕێوەبەر و دەستەی چاودێر پێک دێت.

-بانگهێشتن و ڕۆژسازی کارەکانی تری کۆبوونەوە، دەبێ سێ هەفتە پێشتر بە ئەندامان بگەیەنرێ.

-هەموو ئەو ئەندامانەی نرخی ئەندامێتییان داوە مافی دەنگدانیان لە کۆبوونەوەی سالانەدا هەیە.

- کۆبوونەوەی سالانە کۆنترۆلی کارەکانی سالی پێشوو دەکات. دەستەیەکی نوێی بەڕێوەبەر و چاودێر بۆ سالی داهاتوو هەلدەبژێرێ.

-کۆبوونەوەی سالانە مافی ئەوەی هەیە دەستکاری پەیڕەو و پرۆگرامی ڕمک بکات.

پ.10. کۆبوونەوەی نائاسایی سالانە

-ئەگەر چاودێر یاخود 3/1ی ئەندامان داوا بکەن، کۆبوونەوەی نائاسایی سالانە دەبەسترێ.

پ.11. هەلوەشاندنەوەی ڕێکخراو

- ئەگەر لە دوو کۆبوونەوەی سالانەی یەک بە دوای یەکدا 3/2ی ئەندامان داوای هەلوەشاندنەوەی ڕێکخراو بکەن، دەکرێ ڕێکخراوەکە هەلبوەشێتەوە.

- لە کاتی هەلوەشاندنەوەی ڕێکخراودا، هەموو سامانەکە دەدرێتە ئەو لایەنانەی کار بۆ هەمان مەبەست دەکەن.

# RMK

ڕێکخراوی مرۆڤدۆستانی کوردستان

rmk2703@hotmail.com
rekxraw@yahoo.se

## Sweden 2003

**Application round member in RMK (Organization for human lover in Kurdistan)**
War, political instability, analfabetism and poverty has made thousands of kurdish children and disability live under terrible circumstances. Many homeless children and handicap are forced to work under hard conditions to be able to support their families.
RMK was founded 2003 in Örebro - Sweden to help these helpless people.

**Ansökan om medlemskap i RMK (Organisationen för människovän i Kurdistan)**
Krig, politisk instabilitet, analfabetism och fattigdom har i åratal utsatt Kurdistans människorna för svåra prövningar. Många handikappade och föräldralösa barn är tvungna att arbeta under hårda villkor för att kunna försörja sig och sina familjer.
RMK bildades 2003 i Örebro för att stå på dessa människornas sida.

**فۆرمی ئەندامێتی لە ڕمک "ڕێکخراوی مرۆڤدۆستانی کوردستان"دا**
شەڕ و نائارامیی سیاسی، نەخوێندەواری و هەژاری خەڵکی کوردستانیان دووچاری سەرگەردانیی سەخت کردووە. بۆ نموونە: خەڵکانی پەککەوتە و زۆرەها منداڵی بێ دایک و باوک ناچاری کاری ئێجگار سەختن بۆ دابینکردنی ژیانی خۆیان و خێزانیان. کوردستان لە ئەنجامی چەندین ساڵ شەڕ و پێکدادان، چەندین ساڵیشی دەوێ بۆ بنیاتنانەوە.
**ڕمک** ساڵی 2003 لە ئۆرێبرۆ دامەزرا بۆ ئەوەی پشتیوانی لەو مرۆڤانە بکات.

| | |
|---|---|
| Name / Namn / ناو | |
| Address / Adress / ئادرێس | |
| Country / Land / وڵات | |
| Tel / تەلەفۆن | |
| Fax / فاکس | |
| E-mail / ئیمایل | |
| Sex / Kön / ڕەگەز | |
| Adult / Vuxen / گەورەساڵ<br>150 kronor / 150 کرۆن | |
| Youth / Ungdom / گەنج<br>50 kronor / 50 کرۆن | |

I am refer RMK,s struggle according to theirs constution and become member in organizations
Jag stödjar RMK,s kamp enligt deras stadgar och blir medlem i Organisationen
**من پشتیوانی لە تێکۆشانی ڕمک دەکەم و بە پێی پەیڕەو و پرۆگرامەکەی دەبمە ئەندام لە ڕێکخراوەکەدا**

| Signature/Namnteckning/ئیمزا | State and date/Ort o datum/شار و مێژوو |
|---|---|
| ………………………………………………… | ………………………………………………………… |

Orgnr: 802413-7880 Postal giro accountnr: 206022-6

RMK
ڕێکخراوی مرۆڤدۆستانی کوردستان
Sweden 2003



rmk2703@hotmail.com
rekxraw@yahoo.se

## کۆبوونەوەی ساڵانە2003

لە کاتی بڕیاردا ئەم بەڕێزانەی خوارەوە بۆ دەستەی بەڕێوەبەر بۆ ساڵی 2003 هەڵبژێردران :

ئۆرێبرۆ 28.06.2003

**سەرۆک**

سیروان کاروانی

*Sirwan Karwani*

**سکرتێر**

هاوڕێ گۆران

*Hawre Goran*

**جێگر**

تارا ڕەسووڵ

*Tara Rasul*

**ئابووری**

پێتەر گروپمان

*Peter Gropman*

**RMK**

postal giro account number:

206022-6